# ڕاپۆرت دەرانی بێ سنوور گرتنی رۆژنامەنووس ئیسماعیل جەعفەری مەحکوم کرد

ڕێکخراوی ڕاپۆرت دەرانی بێ سنوور ناوەندی دیفاع لە مافی رۆژنامە نووسان رۆژی پێنج شەممە ۲۲ی خاکەلێوە گرتنی رۆژنامە نووس ئیسماعیل جەعفەری مەحکوم کرد و داوای لە بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی کرد، تاوانەکان و هۆی گرتنی ئەو رۆژنامە نووسە ئاشکرا بکا.

ڕاپۆرت دەرانی بێ سنوور گرتنی ئیسماعیل جەعفەری لەلایەن بەرپرسانی قەزایی رژیمەوە بە غەیرە قانوونی زانی.

ئیسماعیل جەعفەری ۱۹ی خاکەلێوە لە کاتی ناردنی هەواڵی نارەزایەتی دەیان کرێکاری دەرکراوی شیرکەتی ئێران صدرا لە بەرانبەر ئوستانداری بوشێهر لەگەڵ دوو رۆژنامە نووسی دیکە گیرا.

لە ۲۰ی خاکەلێوە و لە دوای گیرانی ئیسماعیل بە کرێگیراوانی رژیمی ئاخوندی چوونە ماڵی ناوبراو و کامپیوتێر و سی دی و کەل و پەلەکانیان لەگەڵ خۆیان بردوە.